# وەسیەتنامەکەی هونەرمەند ئازاد شەوقی(١)

**ئا: سەرنووسەر**

گەورەم.. جێی باوکم، سەروەری کەسایەتیمان کاکە مستەفای(٢) بەڕێز..

هاوسەری ژیانی ئازاد بە خۆشی و ناخۆشی و کولەمەرگی و سەبووری و سەربەرزی مەعقولە (دایکی منداڵان)، کوڕی نازدارم خەمخۆری هەمووان، نوری هەردووچاوم ئاڤان گیان.. ئەی دەربەدەر و دوورەوڵات جێگری باوکت بە بیروباوەڕ، دیسانەوە ئاڤان گیان کچی نازدارم ڤیان، ئاگام لە ترپەی ئێش و ئازاری خەمەکانی باوکتە.. زۆر پیاوانە ڕەفتار دەکەیت، ئەمەش مایەی سەربەرزیمە خوا ئاگای لە ماڵ و منداڵت بێت.

کوڕی ئەمین و ڕاستگۆ و ئازا و دەست و داوێن پاک ئالان.

کوڕم میرانی بێ دەنگ، هەڵگری خەمی ماڵەوەت، خەمی خۆت دایک و باوکت، لێت ڕازیم، خوا لێت ڕازی بێت.

ئەمە باوکتانە هەروەک کوڕ و باوک، یان کوڕ و هاوڕێیانە چاک چاک منتان ناسی. لە پەروەردەی ئێوەدا بە بوون و نەبوونی، قسورم نەکردووە لە ڕاستتان، حەزم دەکرد هەمووتان پلەی خوێندنی باڵا و بەرز تەواو بکەن.. حەزم کردووە هەموو ساتێک لە خۆم پیاوتربن، خۆشەویستی ڕۆڵەکانی گەلەتان بن.. ئاشتیخواز بن، دەست پاک بن، ڕاستگۆ بن لەگەڵ خۆتان و خەڵقان. بڕوام بە خوایە کە کوردایەتی ئامانجتان و ڕێگای پاکی ڕوحتان بووە.

هیوام گەورەیە پێتان کە خۆشەویستی و برایەتی هەمیشە ڕێڕەوتان بێت هەتا هەتایە. ئازادی، برایەتی، ئاشتی، خۆشەویستی، دروشمی ڕۆژانەتان بێت.. پەیڕەوی بکەن، ئەو حەلە خۆتان لە ئاوێنەی سافی گەلی کوردمان دەبیننەوە بە ڕوونی و پاکی و سەربەرزی.

باوکتان قەرزاری کەس نییە و کەس قەرزاری باوکتان نییە، بەڵام هەموومان قەرزاری خوێنی پاکی بێ گەردی شەهیدانی کورد و کوردستانین، باوکتان و هەمووان لەژێر سێبەری ڕوحی ئەواندا حەواوین و ئارامین، خزمەت و خزمەتکاری ئەو شەهیدانە و ماڵ و منداڵیان ئەرکی ئێوەیە و لەسەر ئەستۆتانە. ئەگەر خوایە بوو، یان بە قەڵەم، یان بە نووسین، یان بە قسەی پاک کە ئەو حەقە بدەن و بەو کردارە جێی خۆتان بە (استحقاق) دەکەنەوە لەنێو ڕوحی پاکی ئەو زاتانە. ئەو پاکانە.. ئەو کوردە گەورانە.. دڵنیام دریغی ناکەن...

منداڵانی خۆشەویستم: دایکی ئاڤانی دەربەدەر و دوورەوڵات شوکور بۆ خوا.. دڵی کەسم ئازار نەداوە، چاوم لە نانی کەس نەبووە، خۆشی و کامەرانی هەمیشە



**ئازاد شەوقی**

خوازیارم بووە، بۆ هەمـوو کـەسێکی بە شـەرەف، ڤـینم بەبێ دەنگی لە هەموو ڕەفتارێکی ناچاک و ناپاک بووە، بەڵام خەباتم کردووە لەڕێی کارەکەم.. هونەری ڕەسم، کە هەمـیـشـە ڕێگا بدەمـە هەمـووان کـە پاکی و جـوانی و خۆشەویستی پەرست بن.

تەمـەنی جوانی درێژە.. درێژە.. زۆر زۆر، بەڵام خـراپە و ڕەش کاری و غەش، کاری تەمەنی ئێجگار کورتە هەر چاکە چاکە بۆ مرۆڤی جوامێر و پاک.

بۆیە من ئارامم، قەتعەن بیرم لە چەوتی و دووڕوویی و بەغـیلی و چاوچنۆکی نەکـردووەتەوە، بۆیە حـەز دەکـەم لێکۆڵینەوە بکەن و بپـشکنن لە ڕەفـتـاری باوکـتـان، لە کاتی وەزیفە و پاش وەزیفە وەک کوردێک لەناو وڵات و نێو خزمانی و ڕەفیقانی، لە دیوانیە و لە بەغـدا، یان لە زەمـانێک (١٩٤٨)کان لە سیاسەت و لە موئەسەساتی پەروەردە و ڕۆشنبیری، خوا و گەلەکەم دەکەمە شاهێدی خۆم، باسی ناکەم، چونکی پەسند نییە خەڵقی بە خۆیدا بڵێت، بەڵام پەسندە کە گەل و خەڵقانی بەشەرەف باسی بکەن، ئەو هەڵسـەنگاندنە مرۆڤ لە کۆمـەڵگای خۆیدا بەجوانی دەردەخات.

خودایە بێ بەشم نەکەی کە لەژێر هەناسەی گەلەکەمدا بەجوانی و پاکی ببینرێم..

ئازیزانم لاتان ڕەچاو کـراوە لە ١٩٤٤وە تا ئەمـڕۆ لە کـاری هونەریمدا کـە هونەری کـوردی پوخت و بێ گـەردە، خـەباتم کـردووە، بێ وچان.. و بە چالاکی و بەبێ خـۆ هەڵشنی یە(٣) و غروور و خۆ پەرستی خزمەتی هونەری کـوردیم کـردووە، زۆر حـەزم دەکـرد پێش مـردنم خـەڵاتی باوکی گەورەم مستەفا بارزانیم لە بەرۆکمدا بوایە، دیارە چونکی ئەو خـەڵاتە خـەڵاتی مـامۆسـتـای پایەبڵندی کوردایەتییە، هەڵگری ئەو خەڵاتە تەئسیرێکی مەعنەوی و جیهانی و تەقدیری و تەکریمی سامانی نەتەوایەتیمانە، ئەو کـەسـە، ئەو ڕۆشنبـیـرە دەناسرێت لە وڵاتەکـەی و دەرەوەی وڵاتەکەی و بە ڕێزەوە دەبینرێت.

بەڵێ باوکـتـان جێی ڕێزی مـاڵی بارزانیـیـە و کـارە هونەرییـەکـانی جـێی تەقـدیر و تەکـریم بووە. لە تەک ئەمـانـەش کـە گـەورەیە، برا گـەورەیەکی ئازیزم هەیە، ئەویش جـەنابی یەکـەم سـەرۆکی خـانەوادەی کـورد (پەرلەمان)ی هەرێمی کوردستانی عێراق کاکە (جەوهەر نامـیق سالم)ە کە بۆ یەکـەم جار لە مێژووی پەرلەمـان (٣) جار تەکریمی کارە هونەرییەکانی باوکتانی کرد و بە تەقدیر و بەڕێزەوە..

کاکە نێچیرڤان بارزانی دەستی گرتم دەعوەتی کردم بۆ مـالـەکـەی.. فـەرمـووی ئازاد شـەوقی لە سـاڵی (١٩٩١)وە من ئاشقی تابلۆکانتم، زۆر دڵم گەشایەوە.

هەر دوو برا کـاک نێچیرڤان بارزانی و کاکە جەوهەر نامـیق سـالم. زۆر زۆر پەرۆش بوون بۆ سـاغی و سەلامـەتیم و بە تەنگ تەندروستیم بوون، داوایان لێ کردم کە لەسەر ئەرکی خۆیان حەواڵەی خاریجم بکەن و موتابەعەی عیلاجم بکەن، بەڵام وتم بەو بەڕێزانە حاڵی حازر.. من چاکم نسبییەن، ڕەنگ بێت بەم زووانە چاک بم.

ئێـسـتـا من مـاڵئـاوایی لێ دەکـەم، چاکـەی هەردوو بنەمـاڵە دەکـەمـە چەپکە گـوڵی وەنەوشـە و نێـرگـز و پێشکەشیـان دەکەم، ئەمـەش نیـشـانەی وەفـاداری و تەقدیری منە بۆ بەڕێزیان، خوا سـەرکەوتوویان بکات بۆ سەرۆکایەتی ڕێڕەوی بەرزی سەرکەوتن و ئازادبوونی کورد و کـوردسـتـان، ئینجـا دیسـانەوە بەوپـەڕی خـۆشی دەیخـەمـەوە یادی هەر دوو بەڕێزیان کـە جـاری پێشـوو لەسـەر لاپەڕەکـانی ڕۆژنامـەی پیـرۆزی برایەتی وەسیـەتم کرد کە لە خاکی بارزان بنێژرێم، لەژێر تاجی شەهیدانی

ئەو گوندە پیرۆزە.

ئەوەش دەخەمەوە یاد، چونکی ماڵی خۆمان پێیان ناکرێت و ئیمکاناتی ئەوەیان نابێت.. لێرەدا حورمەت و رێزم بۆ کاک فەرهاد عەونی کوڕی شاعیری مەزنی کورد عەونی، کاکە فەرهادی هەست ناسک کە لە بنەماڵەی پەروەردە و رۆشنبیری و شیعری ئەو دارە بەردارە بەرزە حەقی زۆری لەسەرم هەیە، من قەرزاری ئەو هەموو نووسراو و مطبوعات و چالاکی ماڵی برایەتی-م کە ئاوێنەی صافە و کورد خۆی تێدا بەدی دەکرد.

کاکە فەرهاد گیان ئەی نەوەی ئەو شاعیرەی کە شیعری بەسەر سروشت و خۆشەویستی و کوردایەتیدا دەوت رێزم بۆت زۆرە، هەمیشە منداڵەکانی خۆم و بنەماڵەی ئازاد شەوقی بە فەخرەوە یادتان دەکەن و شانازیتان پێوە دەکەن هەروەکو باوکیان کاکە سەرۆک بارزانی و کاک نێچیرڤان و کاک جەوهەر و کاک فەرهاد، منداڵەکانم لەژێر سێبەری بەرێزتان بژین، چونکی هەر ئێوە بوون باوکی میللەتی کورد، هەر جەنابیشتان دەنگی هەق و ڕاستی و رێ ڕوون کردنەوە بوون بۆ ئەم گەلە گەورەیەتان و دڵنیام ئاسۆی رزگاری و ئاشتی پرشنگدارە. دەبێت کورد بگاتە ئامانجە گەورەکانی.. لەژێر بەیداخی کورد کە پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق قەراری بۆ داوە.

وەفاداری ئەمانە، دەبێت بخەمە بەرچاو.. هەولێر پایتەختی کوردستانی عێراق، سەری رێز و تەقدیس بۆ خەڵقانی بە وەفای ئەو شارە کولتوورییە لەو برایانە ناوی هەندێکیان دەهێنم چونکی هەقیان لەسەرما زۆرە.

١- برام پێشەوای شانۆی کورد بە استحقاق قوتابیم و برای ژیانم مامۆستای پایە بڵند ئەحمەد سالار...

٢- خوشکە فەوزییە هاوسەری کاک زاهیر ڕۆژبەیانی.. دەوری بەرێزیان ئاشکرایە، ئامادەبوونیان لە تەک جەنابی ئەحمەد سالار و پێشوازییان لە تابلۆکانم لە یاد ناچن، خوا تەمەنیان درێژ بکات بۆ ماڵ منداڵیان.

٣- جەنابی سلێمان شاکری هونەرمەند و پاک و پێشەوای بزووتنەوەی هونەری موعاسر لە کوردستان.

٤- جەنابی ڕۆژنامەنووس شێرزاد عەبدولڕەحمان، دڵنیام لە مردنم هەمیشە، وەک حەقیقەت بەو خامە پاکەت و زیرەکیت هەمیشە باسی بچووکی ئازاد و عیشقی ئازاد بەرانبەر هونەر و هونەرمەندان دووبارە دەکەیتەوە.. بۆ ئەوەی زێتر و ڕاستتر کە نهێنییەکانی بەندە لای جەنابتان ئاشکرا بوو.. لەلای زۆر خۆشەویستەکانم، هەروەها بووم بە قوربانی خاکی جوانی کوردستان..

حەزم دەکرد تەمەنم درێژ بێت بۆ زێتر خزمەت کردن.. بۆ زێتر خزمەتکاری ئەم گەلە مەزنەم خوایە وەتەن ئازادکەی سەرفرازبێت خامەکەت.

٨- کاک (موفید ئەلجزائیری) ئەم زاتە وەک شیوعییەک و ئازاد شەوقی وەک مارکسییەک ڕوحمان لە نزیک یەکتر بوو. لە ئەورووپا کەرەستەی وێنەکێشانی بۆ دەهێنام، بە تەنگ تەندروستیم بوو.. زیارەتی پێشانگاکانی دەکردم و هەستی خۆی بەڕاستی دەوت.

٩- سوورەچناری بەرزی ئاشتی مامۆستای گەورە (عەزیز محەمەد) تا ئەم ڕۆژانەش خەبات دەکات بۆ چەسپاندنی زادی و ئاشتی و ئازادی. تەمەنی درێژ بێت. زۆر گەورەیە لە دڵمدا. سەردانی کردووم زۆرجار کە هاتبێت بۆ شاری سلێمانی و شادبووم بە دیداری کە زۆرجار گفتوگۆی مەسەلەی ئاشتیمان پێکەوە دەکرد. ئەو لەمن زێتر گەشبین بوو.. دەیوت پێشانگای ئەم جارەمان لە زەماوەندی جەژنی ئاشتی دەبێت.. ئازاد خۆت سازدە... ئەم جارەیان جەژنی گشت گەلی کوردە.

١٠- جەنابی کاک فرانسۆ هەریری، ئەم برا ئازیزەم هەمیشە هەواڵی پرسیبووم و بە تەنگ تەندروستیم بوو، خوایە تەمەنی درێژ کەیت.

١١- بنەماڵەی ئەحمەدی حەمەد ئەمینی دزەیی، کاکە نووری.. ئاوازخان، منداڵانی خوشک و برا و خزمانی کاکە وریا دزەیی، عومەر دزەیی، سەعدی دزەیی، بە کوڕان و کیژانیان هەمووتان لەنێو دڵی منن ماڵئاواییتان لێ دەکەم، جێتان دیار و ئاشکرایە لە ڕوحمدا.. دوعای ئارامیم بۆ بکەن هەر بژین بەکامەرانی.

١٢- بنیاد مەعرووف خەزنەدار .. د. مارف خەزنەدار خزمێکی خۆشەویستی منن، داوای سەربەرزی و لەشساغی بۆ خۆتان و بنەماڵەتان دەکەم.

بنیاد زۆر زۆر لە کاتی پێشانگاکانم ماندوو دەبوو، وەک هونەردۆستێک- هونەروەرێک- بەحەقیقەت جێی ئومێدی نیشتمان و نەتەوەیە.

١٣- کاک ئازاد عەبدولواحید بەو هێمنی و

ناسکییەوە، بە توانایییە بەرزەکەی گۆڤاری ڕامانی سەرپەرشتی کرد، گۆڤارەکە جێی متمانەو هۆشیارکردنەوەی هەموو چینەکان و بەشەکانی ڕۆشنبیری کوردە، پایەدار بێت، سەرفراز بێت.

١٤- تارق کاریزی ڕەخنەگری ئەمینی بەشی تەشکیلی بۆ ئاییندەی بووژاندنەوەی ڕێڕەوی ڕەخنە بە ئەمانەت و بەعەدالەت و بە ئیسپاتی دۆکیومێنت کە بتوانێت سەرکەوتوو بێت زۆر جێی ئومێدە.

١٥- بنەماڵەی برای ئازیزم کاک زاهیر ڕۆژبەیانی و هاوسەری خاتوو فەوزیە، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ساڵێکی خەبات و ڕۆشنبیرییە، زۆر زۆر نزیک بوون لە هەموو کاتەکانی ڕۆژانی پێشانگاکانم لە هەولێر. سەرفرازییان بۆ دەخوازم.

حزبی شیوعی و مەکتەبی سیاسی، هەمیشە و لە دێرزەمانەوە لووتف و ئیحتیرامیان و تەقدیریان ئاراستە کردووم، هەتا وەک هاندانی مەعنەوی لەگەڵما مەبەستیان بووە و تەقدیری کارەکان و نووسینەکانی بزووتنەوەی هونەریم درێغیان نەکردووە قەتعەن، ئەمەش مایەی ئینسانیەتە بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی لە هەموو شوێنێک و هەموو کاتێک سەرفرازبن و کامەران بن، ئازاد بن بۆ خزمەتی ڕۆشنبیری و ئاشتی و مرۆڤایەتی.

سڵاو بۆ برای ئازیز مامۆستا عەزیز محەمەد و مەلا حەسەن و ئاشتی تاڵەبانی و (موفید ئەلجزائیری) و هاوڕێکانی، داوای سەربەرزیان بۆ دەخوازم کە هەمیشە سەربەرزن.

سڵاوم بۆ هونەرمەندی مەزن مامۆستا سلێمان شاکر و مامۆستا دلێر حەمە شەریف لە هەولێر و خوازیارم هەمیشە کامەران و سەرفراز و ئازادبن.

مامۆستا شێرزاد حەسەن و مامۆستا ڕێبین هەردی، هەردوو زانا و ئەدیب و ڕووناکبیران لە کوردستان. ڕێڕەوی خەباتی ڕۆشنبیرییان خاوێن و بێ گەردە، چونکە فیکر و ڕوحیان بێ لەکەیە و سپییە و دەنگیان حەقانییە، تامی ئازادی و ڕاستگۆیی لە نووسینەکانیان بەدی دەکەم، ئەوەش دەنگی عموم جەماوەری کوردی پاکە، سەرفراز بن، سەرکەوتوو بن.

**پەراوێز:**

**١- وەسیەتنامەکە هیچ ناوونیشانێکی نەبوو، من ئەو ناوونیشانەم بۆ دانا.**

**٢- مەبەستی لە کاکە مستەفا، مستەفا مەجیدە کە بە مستەفای تاپۆ ناسراوە.**

**٣- دەبێ ئەم وشەیە (خۆ هەڵکێشان) بێ، پێمان وایە هەڵەی کاتی نووسینە.**

**تێبینی: زۆر لەو بەڕێزانەی ناویان لە نامەکەدا هاتووە، ئێستا لە ژیاندا نەماون.**

**(ڕامان)**